سەرکی دەستی دەروازە سنووریيەکان: هیچ دەروازەیەکی نایاسایی لە ناوچەاست و باشووردا نییە



ئەمڕۆ یەکشەممە"فەریق عومەر وائیلی " سەرکی دەستەی دەروازە سنووریيەکان، جەختی کردەوە کە هیچ دەروازەیەکی سنووریی نا فەرمی (نایاسایی) لە ناوچەکانی ناوچەاست و باشووری عیراقدا بوونی نییە.

بگورەی هاگەیەندراوەکی فەرمانگەی هاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران کە دەستی ئاژانسی موتەع کۆتووە، تیایدا هاتووە : "وائیلی " لە کاتی میواندارێکردنی لە پەرلەمان، وتی : جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی تا هادەیەکی زۆر سنوری بە دیاردەی گەندەڵی داناوە کە پێشتر لە دەروازەکاندا هەبوو.

ووتیشی: کارکردن لە دەستەی دەروازەکان لە بەغدا بە درێژایی 24 کاتژمێر و بە شێوەیەکی هەک و پەک لە تەواوی ئەو دەروازە سنووریيانەی سەر بە حکومەتی فیدراڵین، بەردەوامە.

ڕوونیشیکردەوە: نەگەیشتووینەتە هیچ لێکتەگەیشتنێکی فەرمی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی قسەکانیدا وائیلی بوونی هەر دەروازەیەکی نایاسایی لە پارێزگاکانی ناوەاست و باشوور ڕەتکردەوە.